کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
10-2-2007 20:48 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## فریایی هێمنی و ئاسایشی كوردستان بكەون. . . !! بەختیار سەعید



ئەوەی جێگای ئومێدی خەڵكی یە لە كوردستان دا، ئەو ڕەوشە پڕئارام و هێمنی و ئاسایشەیە، كە وای لە هاوڵاتیان كردووە كە بەم دیفاكتۆیە ئەمڕۆ ڕازی بن. واتە حكومەتی هەرێم ئەگەر هەرهیچی نەكردبێت، ئەوا بە جدی كاری بۆ ئارامی و هێمنی و پاراستنی سەرو ماڵ وگیانی هاوڵاتیان كردووە. لە ڕێگەی دەزگا پەیوەندارەكانی پۆلیس و ئاسایش و كە جێگای ستایش
كردنی هەموانە، بەڵام مەخابن ماوەی زیاتر لە ساڵێكە هەست بە جۆرێك لە بێزاری و نارەزایی برایانی پۆلیس بە تایبەتی و ئاسایش بە گشتی دەكرێت!! ئەویش لە ڕێگەی وازهێنان و (فیرار) كردن و دەست لەكاركشانەوە لە نێو ڕیزەكانی پۆلیس دا بەدیار كەوتووە!! بەڕاستی ئەم دیاردەیە دەبێت، حكومەتی هەرێمی كوردستان هەڵوێستەی لەسەر بكات، لە كەمترین ماوەدا دیراسەتی هۆكارەكانی وازهێنانی برایانی پۆلیس بكات!! هەرچەندە پێم وانیە دەزگا پەیوەندارەكانە بێخەبەربن!! دڵنیام ئاماری ڕۆژانەی ڕاكردن و وازهێنانەكانیان پێگەیشتووە و لەوانەشە خەمیان خواردبی بەڵام لە كن بەرپرسانی باڵای حكوومەت كاری جدی بۆ نەكراوە؟! سەیری هەندێك هواڵ بكەن: جاران ئوتومبیلی فریاكەوتنی پۆلیس لەو شوێنانەی بۆیان دیاری كرابوو ژمارەیان لە پێنج كەمتر نەبوو، ئێستا دەگمەنە بگاتە سی پۆلیس!! یا جاران گرتووخانەی محەتەی هەولێر (10) خاڵیان بۆ دیاری كرابوو، هەر خاڵی (10) پۆلیسی تیابوو، ئێستا ناگاتە چوار خاڵ! لەم ڕۆژانەدا ئاماری وازهێنانی یەك بنكەی پۆلیس گەیشتۆتە (16) پۆلیس!! لە مرۆژانەدا پۆلیسێك بەدەم قسەكردنەوە گووتی: ئەگەر ئەم مانگە ڕەشید تاهیر مووچە كەمان زیاد نەكات (7- 8) پۆلیسین وازدەهێنین! ئاسایشێك گووتی: ئاخر مووچەكەمان زۆر كەمە و زەویشمان وەرنەگرتووە ئیتر چۆن دەتوانین بەردەوام بین؟! باوەڕبكەن ڕوو لە هەر شوێنێك دەكەم باس باسی وازهێنانی پۆلیسە!! باوەڕم وایە هەندێك مەسروفاتی نێو گەندەڵیەكان و خەرجی بەرپرسان لە ئوتێلە خۆشەكان كەم بكرێتەوەو باج لەسەر مووچەی وەزیرو گزیری ئەم حكوومەتە دابنرێت و واز لە كلیپ و فلیمسازی و دراماو گەشتی زۆری بەرپرسان بهێنرێت كە بە تەن دۆلاریان بۆ سەرف دەكرێت!! كە تاسەر ئێسك گەندەڵی تیایە!! هەموو ئەو پارانە كۆبكرێتەوەو دابەشی سەر مووچەی پۆلیس بكرێت و یەكی پاچە زەویەكیشان بدەنی دڵنیام ئەوانیش وازناهێنن. ئاخر دەبێت چاك لەو ڕاستیە گەیشتبین كە دابینكردنی ئەمن و ئاسایش و هێمنی زۆر لە و خاڵانەی سەرەوە هێمامان بۆكردوون گرنگ ترە نەك فیستفاڵ و گۆرانی و كلیپی خانمان كە دەیان دەفتەر دۆلاریان بۆ خەرج دەكرێت بەڵێ ئارامی لە پێشترە لە پرۆژەكانی بەرپرسان بە گشت جۆرەكانیانەوە!! ئەگەرنا دەبێت لەمەولا هەموومان ببینە پۆلیسی بنكەی ماڵەكانمان!!

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.